# باڵەخانەی یاقوبیان




ئیدریس عەلی

ڕۆماننووسی ناوداری میسریو عەرەب (عەلا ئەسوانی) خاوەنی دوو کۆمەڵە چیرۆکو سێ ڕۆمانە، بەهۆی ئەو کارانەیەوە تاکو ئێستا چەندین خەڵاتی بەناوبانگی وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی داکۆکیکردنی لەسەر مافەکانی مرۆڤیش خەڵاتێکی وەرگرتووە، باوکیشی ڕۆماننووسێکی بەناوبانگ بووەو بۆ خۆشی جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدان، لە مەدرید ئەدەبی ئیسپانی خوێندووە.

تا ئێستا دوو ڕۆمانی ئەم ڕۆماننووسە بەناوبانگە کراون بەکوردی ( شیکاگۆ و باڵەخانەی یاقوبیان) هەردووکیشیان ( سەباح ئیسماعیل) سەرکەوتووانە وەریگێڕاونو توانیویەتی بەهۆی کوردییەکی پوختەوە کۆی ڕووداوو بەسەرهاتو وێنەکانی ناو ڕۆمانەکان بگوێزێتەوە بۆ سەر زمانی کوردیو ئەو ڕۆحە ئیستاتیکیو چێژ بەخشەی نێو دونیای ڕۆمانەکان بە ئەمانەتەوە بگەیەنێتە بەرچاوی خوێنەر.

باڵەخانەی یاقوبیان ساڵی ٢٠٠٣ چاپکراوەو ساڵی ٢٠٠٦ کراوە بەفیلم، لەڕووی سیاسییەوە کاردانەوەی سلبی بەجێهێشتووەو لەچەندین وڵاتی عەرەبیدا بەهۆی ئەو هێرشو ڕەخنانەی ڕۆمانەکە لە کۆمەڵگەی عەرەبییو ئاینو دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی عەرەبو کولتوورە داخراوەکەیانی گرتووە قەدەغە کراوە، هاوکات بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیاش وەرگێڕدراوەو لەلایەن ڕەخنەگرانو خوێنەرانەوە پێشوازییەکی باشی لێکراوە.

بەگشتی کەسایەتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بریتین لەو کارەکتەرانەی لەهەناوی واقیعو خودی ژیانەوە سەریان دەرهێناوەو دەرگیری سیستەمو کولتوورو بەها بەزۆر پیرۆزکراوەکانی ناو ژیانو کۆمەڵگەی

میسرن لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا، عەلا ئەسوانی وشیارانە توانیویەتی سروشتو ڕۆڵی کەسایەتییەکانی دیاری بکاتو لە چوارچێوی ئەو نەخشەیەدا بیاننەخشێنێت کە بۆ جیهانی ڕۆمانەکەیو کێشەو بەسەرهاتو ڕووداوەکانی کێشاونی، تێگەیشتن لە سایکۆلۆژیەتو بیرکرنەوەی کارەکتەرەکانی ڕەهەندێکی بنچینەییە بۆ گەیشتنی ئامانجو پەیامو فکرەکەی، ئەویش ڕەخنە گرتنە لە ئەقڵو فکری عەرەبیو نیشاندانی فەزای ترسو نائارامیی گەندەڵییو جیاوازی چینایەتیو هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی، نووسەر سایکۆلۆجیستانە ئەو کەشو هەلومەرجەی دیاریکردووە کە ئەو چەمکە ناشرینانە تێیدا سەر هەڵدەدەنو گەشە دەکەنو دواجار ژیان تاڵ دەکەنو بەها ئینسانییەکان بێنرخ نیشان دەدەن.

ئەم ڕۆمانە بەو پێیەی ڕووداو گەلێکی هەستیارو واقیعی دەگێڕێتەوە، کۆمەڵێک کارەکتەری زۆری بەکار هێناوە، زۆربەیان ڕۆڵی سەرەکییان هەیەو بەدرێژایی ڕووداوو بەسەرهاتەکان ئامادەییان هەیە، هەشیانە مەساحەی ئامادەییان کەمە بەڵام بێ کاریگەریش نین.

( زەکی بەگ) یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لەخانەوادەیەکی خانەدارو دەست ڕۆیشتوودا گەورە بووەو سەروەتو سامانێکی زۆری بۆ ماوەتەوە، ناوبراو هەموو ژیانی بریتییە لە خواردنەوەو ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتدا، بۆ دامرکاندنەوەی حەزە جەستەییەکانی، ئەو جۆرەها سێکسی لەگەڵ جۆرەها ئافرەتدا تاقیکردۆتەوە، بەجۆرێک وەک کەسێکی پسپۆڕو تایبەتمەند شارەزای ژیانو نهێنیو ئارەزووەکانی ئافرەت بووە، کە بەئاسانی دەتوانێت کێی بوێت دەستی پێی ڕابگاتو لەگەڵیدا چەندین شەو لەسەر نوێنی ڕابواردن بنوێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە تەمەنێکی زۆری هەیەو سیمای پیرێتی تەواو جەستەی داپۆشیوە، بەڵام تاوی حەزە سێکسییەکانی سات لە دوای سات تاو دەسەنێت.

(حاجی عەزامی) یەکێکە لەسەرمایەدارەکانو خاوەنی ژنوماڵو منداڵو کوڕی گەورەیە، ئەگەرچی بەڕووکەش پیاوێکی ئایینیو لەخوا ترسەو پەیڕەوی بنەما ئایینیەکان دەکات، بەڵام هەڵپەی ئەویش بۆ ئافرەتو پارەو دەسەڵات تووشی چەندین گێرمەو کێشەی دەکاتو لەگەڵ چەندین هەڕەشەو درۆو فرتو فێڵدا دەرگیری ژیان دەبێت، حاجی عەزامی بەهۆی پیربوونی ژنەکەیەوەو ئەو هەوەسە شەهوانییەی کە دەڵێی هێشتا لەهەڕەتی لاویدایە، بیر لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ ئافرەتی تردا ڕابوێرێت، سەردانی یەکێک لەهاوڕێ ئایینییەکانی دەکات کە مەلایەکی دەستڕۆیشتووەو دەمڕاستی شارەکەیە، ئەویش ئەم شتە بەمافێکی سرووشتی حاجی عەزامی ملیۆنەر دەزانێتو بەپێی چەندین وتەو ئایەتی خواو پێغەمبەرو قورئان ڕێگەی ئەوەی نیشاندەدات ژنێکی گەنجو تەڕ بخوازێت، تەنها بۆ ئەوکاتانەی کە حەزی لە ڕابواردنە بچێتە لای، سەرەنجام بەدزی ژنەکەیەوە بێوەژنێکی گەنجی هەژار دەخوازێت کە خاوەنی منداڵێکیشە، حاجی ئیماندار کۆمەڵێک مەرج لەسەر بێوەژنەی داماو دادەنێت لەوانە: نابێت منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا بێنێتو دەبێت لەماڵی باوکی بەجێی بێڵێت لەبەرامبەر کۆمەڵێک پارەدا، هاوکات نابێت بەهیچ شێوەیەک هەوڵی بینینی منداڵەکەشی بدات، قورسترین مەرجیش کە دواجار مەرگو تەڵاقو ئازاری لێدەکەوێتەوە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک نابێت منداڵیان ببێت، بەدزییەوە لەناو باڵەخانەی یاقوبیان شوقەیەکی بۆ بەکرێ دەگرێتو بەتەنیا جێی دەهێڵێت، تەنها ئەو کاتانە سەردانی دەکات کە بای شەهوەت لەکەللەی دەدات، ژنەی داماو هەموو شتێک قبوڵ دەکات لەپێناو دڵڕاگرتنی مێردە پیرەکەیدا، بەڵام ئەویش چارەنووسی بە تراژیدیا کۆتایی دێت.

(بووسەینیە) ئەو ئافرەتە جوانو دڵگیرەیە، کە بەهۆی هەژاری خێزانەکەیانو دایکە بێوەژنو خوشکو برا وردەکانیەوە، بەدوای کارو بژێویدا دەگەڕێتو بەم هۆیەشەوە دەبێتە نێچیری چەندین خاوەنکاری شەهوانیو چاو برسی، ئەو باش

لەژیانی کولەمەرگی خۆیو خێزانەکەی تێگەیشتووە، بۆیە هەموو جۆرە سوکایەتیو دەستدرێژیو ئیستغلال کردنێک قبوڵ دەکات، تەنانەت وای لێدێت دەستبەرداری خۆشەویستیە حەقیقیەکەی بێت لەگەڵ ( تەها) داو ئیتر وەک ئافرەتێکی شارەزا لە وەڵامدانەوەی ئەو پیاوانەی داوای ڕابواردنی لێدەکەن لەبەرەمبەر بڕێک پارەدا شارەزاییەکی باش پەیداکات، ئەم ئافرەتە بەهۆی هەژارییو بێکارییەوە کە لەئاکامی گەندەڵی بەرپرسانو دزینی سەروەتو سامانی کۆمەڵگەکەیان لەلایەن دەوڵەتو بێبەزەیی بازرگانو سەرمایەدارەکانەوە دروست بووە، ئاکامی ژیانی بەرەو تاڵیی دەڕواتو لە دواجاردا لە نووسینگەکەی زەکی بەگ کاردەکات، لەوێش دەکەوێتە بەردەم پیاوێک کە شەهوەت داگیریکردووەو پسپۆڕە لە دەستەمۆکردنی ئافرەتو ڕابواردن لەگەڵیاندا، بووسەینیە ماوەیەکی زۆر لەڕێگەی سێکسەوە وەڵام بە خواستی شەهوانیو جەستەی پیری زەکی بەگ دەداتەوەو سەرباری چەندین کێشەو سووکایەتیو ئیهانە لە دواجاردا زەماوەند دەکەن پێکەوە، هەڵبەت هۆکاری ئەوەی ئەو کچە جوانو گەنجە لەگەڵ پیرە پیاوێکی داوێن پیسدا زەماوەند دەکات، تەنها بۆ ئەوەیە لەگەڵی بڕوات بۆ وڵاتی فەرەنساو لەو دۆزەخە ڕزگاری بێت کە ناوی میسرە.

(تەها) یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی جوانو شەخسییەتێکی بەرزو دنیایەک هیوا بە عیشقو ژیان دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆژگاری ڕەشو هەژاری وردە وردە ئەم کوڕە گەنجەو خەونەکانی لەبار دەبەنو دەیکەنە تیرۆریست، تەها لەگەرمەی عەشقێکی قوڵدایە لەگەڵ ( بووسەینیە) نەخشەی ژیانی هاوبەشیان داڕشتووە بۆ دوا ڕۆژو هەموو ئاواتێکی ئەوەیە بچێتە کۆلێژی ئەفسەریی، بۆ ئەم مەبەستە خۆی ماندوو دەکاتو نمرەیەکی باش بەدەست دێنێت، لەهەموو تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنیا لە کۆلێژی ئەفسەریی سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام کاتێک پرسیاری ئیشو کاری باوکی لێدەکەن ئەو ڕاستگۆیانە پێیان دەڵێت کە دەرکەوانی باڵەخانەی یاقوبیانە، تەنها بەو دەلیلە ئاواتو خەونی ئەو گەنجە لە چاڵ دەنرێ ڕەفزی دەکەن، بەمەش کۆڵنادات‌و نامەیەک بۆ سەرۆککۆمار دەنووسێت، پاش ماوەیەک وەڵامی لەسکرتێری سەرۆک کۆمارەوە بۆ دێتەوەو پێی ڕادەگەیەنن کە لێژنەکە لەسەر حەقنو مافی ئەوەی نییە لەو کۆلیژەدا وەرگیرێت، تەها بەناچاری دەچێتە کۆلێژێکی ترو لەوێ دیمەنی جیاوازی چینایەتی لەناو خوێندکارەکاندا دەبینێ، بۆیە بەشوێن کەسانێکدا دەگەڕێت وەک خۆی هەژاربن، لەوکاتەدا کۆمەڵێک خوێندکار دەناسێت کە سەر بە تاقمە ئیسلامییە توند ڕەوەکانن، لەڕێگەی ئەوانیشەوە شێخ شاکر دەناسێتو بەشداری کۆبوونەوەکانیان دەکات، لەژێر ڕێنماییەکانی شێخو گروپەکەدا پەروەردە دەکرێت تا ئەو کاتەی متمانەی تەواو بەدەست دێنێت لەلایان، ئێستا ئیتر تەها تەواوی ڕەفتارو مامەڵەکانی لەگەڵ چواردەوریدا گۆڕاوەو وەک کەسێکی ئیسلامیی ئامادە بۆ جیهاد دەرکەوتووە، ڕۆژێک بە بڕیاری (شێخ شاکر)ی بەرپرسی گروپی ئیسلامیە سیاسیەکانی ناو شار، تەها لەگەڵ هەزاران خوێندکاری کوڕو کچی ئیسلامیدا، بەشداری خۆپیشاندانێکی گەورە دەکات بۆ ئازاد کردنی کۆمەڵێک لەبرایانی ئیسلامیی کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر کرابوون، هێزەکانی ئاسایش بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران گازی فرمێسک ڕشتن بەکار دێننو سەرکوتی ناڕەزایەتیو داواکاریی خوێندکارەکان دەکەن، نیوە شەوێک تەها لەژوورەکەی خۆیدا لەماڵەوە دەسگیر دەکرێت، ئێستا ئیتر تەها لەزینداندا ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی بەڕێدەکات، سەرباری لێدانو قسەی سووک دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، پاش ماوەیەک ئازاد دەکرێتو تووشی عوقدەی تۆڵە کردنەوە دەبێت لەبەرامبەر ئەو ئابروو تکاندنەیدا، لەڕێگەی شێخ شاکرەوە ڕەوانەی سەربازگەی مەشقی تیرۆریستان دەکرێت، لەوێ مەشقەکانی بەباشی ئەنجام دەداتو

بەردەوام هەڵپەی ئەوە دەکات بینێرنە ناو شار بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازییو جیهاد، ئەو پێی خۆشە تۆڵەی خۆی بکاتەوەو بگات بەپلەی شەهید بوون، هەر لەو سەربازگەدا بێوە ژنێکی بۆ دێنن کە پێشتر مێردەکەشی ئیسلامی سیاسیی بووەو کوژراوە، سەرباری چێژی سێکسی لەگەڵ ئەو ژنەدا، شەوانە هەر بیر لەوە دەکاتەوە کەی دەینێرن بۆ جیهاد بۆ ئەوەی تۆڵەی لاقەکردنەکەی بکاتەوە، ڕۆژێک ئەمیرەکەیان لەگەڵ دوو برای دیکەیدا دەینێرن بۆ شار بۆ کوشتنی ئەفسەرێکی ئاسایش، هەمان ئەو ئەفسەرەی لەزیندان سەرپەرشتی لاقە کردنەکەی دەکرد، لەوێ زابتەکە دەکوژنو خۆشی دەکوژرێت.

(حاتەم ڕەشید) منداڵی ژنێکی فەڕەنسیو پیاوێکی میسرییە، کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەندەو چەندین خزمەتکار سەرپەرشتی شتەکانی ناوماڵەکە دەکەن، تەنانەت دایکو باوکی نایانپەرژێتە سەر ئەوەی پەروەردەیەکی تەندروستی بکەن، ئەوان بەردەوام لەشەڕو کێشمەکێشدان، دایکی بەردەوامە لەخیانەتکردنو بەردەوام لەگەڵ دۆستەکانیدا خەریکی قسەو ڕابواردنە، باوکیشی لەو جۆرە پیاوانەیە کە لەتاو ئیشو کارە تایبەتییەکانی خۆی هەستناکات منداڵێکی هەیە بەناوی حاتەم، حاتەم ئەو کاتە تەمەنی نۆ ساڵان بوو، ڕوخسارێکی جوانو هێمنی هەبوو، یەکێک لەخزمەتکارەکانیان منداڵبازەو دەستدرێژی دەکاتە سەر، ئەو لەناو سرووشتی خێزانێکی ناتەندروستدا گەورە بوو، ئێستا ئیتر کەسێکی کامڵەو خاوەن سەروەتو سامانێکی زۆرە، بەڵام زۆر چێژ لە جنسی هاو ڕەگەزی دەبینێت، عاشقی کوڕێکی ئاسایشی دەستکورت دەبێت بەناوی ( عەبدە) بۆ ئەوەی شەوان لەگەڵیدا بچێتەوە بۆ شوقەکەیو ئارەزووە سێکسییەکانی تێر بکات پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکات، حاتەم ئامادەیە بۆ ڕازیکردنی ئەو کوڕە گەنجە ئەسمەرە تەواوی سەروەتو سامانەکەی بخاتە خزمەتییەوە، ئاخر ئەو هەر بەڕاستی عاشقی ببوو، وەک ئافرەت مامەڵەی لەگەڵ دەکردوو دەخوازێت عەبدە مێردێکی باش بێت لەکاتی جوتبوونیاندا، عەبدە ئەگەرچی جار جارە ترسی خوا بە ئاگای دێنێتەوە لەو کارە نەشیاوەی کە دەیکات، بەڵام هەمیشە بەبڕێک پارەو ئیمتیازاتی تر لەلایەن حاتەمەوە ڕازیدەکرێتەوە، ئیدی ژیانی حاتەمو عەبدەش لێوانلێو دەبێت لە ئازار.

(کەمال فولی) وێنەی سیاسییەکو فەرمان ڕەوایەکی گەندەڵەو لەو هەلومەرجەدا سوودو قازانجێکی باشی کردووە، ئەگەرچیی ئەو لەخێزانێکی هەژاردا پەروەردە بووە، بەڵام پلەیەکی بەرزی خوێندن دەبڕێتو بڕوانامەیەکی باڵا وەردەگرێت، ئەو لەسەرەتادا وەک سیاسییەکی چەپو سوسیالیستی دەست بەکار دەکات، لەگەڵ گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانو هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیالیستی، ئەمیش ئاراستەی فکری دەگۆڕێتو ئیتر وەک هونەرمەندێکی کارامە لە فرتوفێڵەکانی سیاسەت تێدەگاتو هەموو شتەکان بۆ خزمەتی خۆیو گەندەڵیەکانی بەکار دێنێت.

بەگشتی ڕۆمانی باڵەخانەی یاقوبیان، کورتکراوەی چیرۆکی ژیانی وڵاتی میسرە لە قۆناغێکی دیاریکراودا، لەهەلومەرجێکی ناتەندروستدا کە گەندەڵیو بەرتیل خواردنو دزیو فەزای نائارامو هەڕەشەی تیرۆر فەزای گشتی کۆمەڵگەکە پێکدەهێنن، عەلا ئەسوانی لە کۆمەڵێک ڕەهەندی سایکۆلۆجیوفکرییەوە خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری و نارێکی سیستمی ئابووریو بێباکی دەسەڵاتی گەندەڵکارانی شیکردۆتەوە، بەشێوەیەکی واقیعی تیشکی خستۆتە سەر برینەکانو کێشەکانی دەرخستووە، ئازایانەش پەنجەی بۆ هەموو ئەو هۆکارانە درێژ کردووە کە بوونەتە سەرچاوەی ئێشو ئازارو کێشە تاڵەکان، بەتایبەت پرسی ئابووری وەک هۆکاری بنەڕەتی دەستنیشانکردووە بۆ سەرهەڵدانی کێشەکانو بەلاڕێدا چوونی مرۆڤەکان.

بەگشتی چارەنووسی کەسایەتیەکانی ناو ئەم ڕۆمانە تەواوێک تراژیدینو هەریەکەیان حیکایەتێکی دوورو درێژی غەمگینی هەیە، زۆربەیان قوربانی

کولتوورو سیستمو باری ئابووریو هەژاریو هەلومەرجی داسەپاون.

ئێمە پێشتر لە ڕۆمانی شیکاگۆدا بەر دنیاو فکری عەلا ئەسوانی کەوتین، لەکۆمەڵێک ڕەهەندەوە باڵەخانەی یاقوبیان نزیکە لە شیکاگۆوە، ئەویش بوونی زمانە سادەکیو تەکنیکی بەرزی گێڕانەوەو گرێدانی دیمەنەکانە بەیەکەوە، هێڵی گشتی هاوبەشی هەر دوو ڕۆمانەکە لەوەدا دەبینرێت کە باس لەگەندەڵیو هەڕەشەی هێزە تیرۆریستەکانو کاریگەری کولتوورو فکری عەرەبیو ئیسلامی لەسەر بونیادی بیرکردنەوەی تاکەکان دەکات، بەتایبەت گوتار خەتەرناکی هێزە ئسولییەکانی نیشانداوە، کە ماوەیەک لەهەناوی عەرەبەوە سەریان هەڵداو ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر مرۆڤایەتی خۆیان نمایشکردووە، ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە زۆرجار دەسەڵاتو هێزە دیموکراتو سکۆلارەکان خۆیان ڕێگە خۆشکەرن بۆ دروستکردنی ئەو فەزاو هەلومەرجەی کە ئەو گروپانە تێیدا گەشە بکەنو سەر هەڵبدەن، بوێرانەو ڕاستەوخۆیانە ڕەخنەی لە فۆڕمی دەسەڵاتدارێتی بەناو عیلمانیو دیموکراسییەکانو ناسیۆنالیستەکانیش گرتووەو بەبەشێک لە سیناریۆ ڕەشەکە وەسفیان دەکات.

ئەگەرچی چەمکی سێکس باڵادەستییەکی تەواوی لەناو ئەم ڕۆمانەدا هەیە، بەڵام ئەسوانی ئەوەندەی ویستوویەتی جەخت لەو هەلومەرجە بکاتەوە کە سێکسی زۆرە ملێو لاقەکردن تێیدا بەبێ ویستی کەسەکان سەرهەڵدەدەن، نیو ئەوەندە نەیویستووە لەگرنگی سێکس بدوێت، بەتایبەت لەو هەلومەرجەدا ئافرەتی وەک قوربانییەک نیشانداوە کە بەردەوام لەسایەی ئایینو کولتووری داخراوی عەرەبیدا وەک پاشکۆی پیاو چاو لێدەکرێنو دەبنە هۆکارێک بۆ وەڵامدانەوەی حەزو پێداویستییەکانی پیاوسالاریی.



عەلا ئەسوانی